سەرکی ئەنجومەنی وەزیران پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لە وەزیری دەرەوەی ئەمریکاوە پێگەیشت



سەرکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی ئێوارەی دوێنێ سێشەممە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی پێگەیشت لە وەزیری دەرەوەی ئەمریکاوە ئەنتەنی بلینکن کە تیایدا ژمارەیەک بابەت و دۆسیە لە پەیوەندییە دوو قۆناغەکانی نێوان عێراق و ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا خرایەروو لێگۆڕینەوە چنیەتی بەهێزکردنیان و گرنگترین پێشهاتەکانی سەر هەردوو گۆڕەپانی هەرێمی و نێودەوڵەتی.

بەگوێرەی راگەیەندراوێکی نوسینگەی هاگیاندنی سەرکی ئەنجومەنی وەزیران لە میانەی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا، سودانی جەختی لە پێرۆشی عێراق کردەوە بۆ بنیاتنانی پەیوەندی هاوبەشی و هاریکاری لێگۆڕینەوە و ئاتانی دۆست و برادا و کارکردن بێکەوە بۆ هووبەووبوونەوەی ئاستەنگە ئابووری و ئەمنی و کێشوهەواکان بۆ شوێنێک کە پشتیوانی لە هەوڵەکان بکات بۆ چەسپاندنی سەقامگیری لە ناوچەکە.

هەروەها سودانی پابەندبوونی عێراقی دووپاتکردەوە بۆ پاراستنی نەردە دیپلۆماسییەکان و هاوڕکاران و جەختیشی لە توانای هێزە ئەمنییەکانی عێراق کردەوە بۆ هاپەماندنی ئەرکەکانیان لە هاونانی ئەنجامدەرانی هێرشەکانی سەر نەردە دیپلۆماسییەکان بەبێ دەستوەردانی هیچ لایەنێکی دەرکی.

لە لای خۆیەوە، وەزیر بلینکن ئاماژەی بە بەردەوامی کارکردنی هاوبەش و پێوەندییەکانی نێوان هەردوولا کرد و پێشوازی لە هەنگاوەکانی حکومەتی عێراق کرد بۆ پاراستنی نەردە دیپلۆماسییەکان و ئەو باڵیۆزخانانەی کە لە عێراق کاردەکەن لەگەڵ هاوتانی ئەو لایەنانەی کە لەپشت هێرشەکانەوە دەوەستن.